# پەیکەرێك بۆ بێسەرو شوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ

## جەمال پیرە

یەکی لە قێزەوەنترین کارەساتەکانی چواردە ساڵی رابردوو، شەڕی ناوخۆ بوو، ئەو شەڕەی کە کەسمان خۆمان بە دەستپێشخەری نازانین و کردیشمان، ئەو خەراباتەی کە حەیابەرەترین مێژووی دا بە رەوتی رزگاری خوازی کورد و نابودترین ئاسەواری لەدوای خۆیدا جێهێشت و لەهیچ بڕگەیەکی هەنگاوە نوێکانی عێراقی نوێدا باسی لێوە ناکری، شەڕێك نەمانزانی بۆ چی بوو؟ئێستا بۆ باس لە ئاسەوارەکانی ناکری؟ شەڕێك بوو دواتر هەموومانی خستە نێو بازنەیەکی چاوەڕوانی و لەوێدا بەجێی هێشتین، ئینجا ئەو فەزا دوو کەرتەی لێکەوتەوە کە حالی حازر پێیەوە دەنالێنین و وردە وردە پەرش و بلاوترمان دەکات، ئاخر بۆ نەپرسین کی زەرەر و زیانە ماددی و مەعنەوییەکانی قوربانیانی ئەم پەتا نەگریسە دەداتەوە؟ دەکری بێدەنگ بین لە ئاست ئەم تاوانە بەلاّم هەرگیز ناتوانری دلّی مرۆڤایەتی بگەیەننە قەناعەت، خۆم بە گوناهبارترین کائینی سەر ئەم زەوییە دادەنێم وەختی بە نوێژی نیوەڕۆ فرمێسکی کەس و کاری بێسەر و شوێنکراوانی شەڕی ناوەخۆ دەبینم و هیچ شتێك نالێم و ناتوانم دەنگیشیان بگەیەنمە ئەو شوێنەی کە دەکری چارەنوسی چەندین مرۆڤی کوردیونبووبخاتە بەر شەبەنگی گوشار، ئێمە نازانین کێیە ئەو کەس و لایەنەی دەتوانی کار لەهەست و نەستی بکەر و تاوانبارانی ئەم ئەنفالە کورد کردە بکات؟لەهەموو ئەمانە کارەساتتر بێدەنگی میدیای کوردییە لە ئاست ئەم مەسەلەیە، من لێرەوە درووود بۆ ئەو رۆحە ونکراوانە دەنێرم کە تاکو ئێستایش مەلەفەکەیان بەداخراوی ماوەتەوە، لەگەلّ ئەمەشدا پێشنیار دەکەم بۆ بەرز راگرتنی گیانی ونکراوی ئەوان بۆ ئەوەی ببی بە سیمبۆلێکی نەمر پەیکەرێك لە شوێنێکی شیاو دروست بکرێت تا لە ئایندەدا نەوەی نوی بۆ تا ئەبەد ئەم شەڕە نەگریسە نەفرەتباران بکات و هەرگیزاو هەرگیز بیر لە دوو بەرەکی نەکاتەوە لەراستیدا قسەکردن لەم مەسەلەیەوە جگە لەوەی ئەرکێکی ئینسانییە ئەرکێکی نەتەوەیشە بەو هیوایەی ئەوەی شتێك دەربارەی چارەنوسی ئەم بێسەروشوێنکراوانە دەزانی وەك وەفا و کاردانەوەیەکی ئینسانییانە وەلاّمێك ئەگەر بە نهێنیش بێت بدا بە خێزانەکانیان، چونکە دلّنیاین ئێستاکە بەدەیان بگرە سەدان ژنی ئەم بێسەروشوێنکراوانە و منالەکانیان لەچاوەڕوانیدا دەمرن و زیندوو دەبنەوە، جگە لەبوونی چەندین حالّەتی دلّتەزێن لە نێوانیاندا کە من لێرەدا ناتوانم وەکو خۆی گوزارشتی لێبکەم، راستییەکەی وەختی گۆڕە بە کۆمەلّەکانی باشوری عێراقمان بینی ژیانی خێزانەکانی ئەو سەدان هەزار مرۆڤە ونکراواوە کەوتەوە قۆناخێکی ترەوە قۆناخێك کە لە نائومێدترین ساتەوەختدا هیوای ژیانێکی نوێی پێبەخشینەوە ئەویش دەستبەرداربوونی چاوەڕوانییە لەهەمانکاتدا خۆشحال بوون بە بینینی تاوانبارەکانە لەناو قەفەسی تاوانباریدا، تۆ بلێی ئەوانەی لە کوردستاندا خەلّکیان بێسەروشوێنکردووە، رۆژی لە رۆژان بیریان لەم قەفەسە کردبێتەوە؟ سلاّو بۆ خۆڕاگریی کەس و کاری بێسەرو شوێنکراوان، سلاّویش بۆ ئەو قەلّەم و هەولّە خەمخۆرانەی بەردەوام پەرۆشی وروژاندنی ئەم مەسەلە ئینسانییەن .......